# فەزڵەکانی باوەڕ

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**موحەمەد بن ئیبراهیم ئەلتوەیجری**

**ئامادەکردنی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1434

IslamHouse.com

# فضائل الإيمان

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

إعداد: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# فەزڵەکانی باوەڕ

١-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَابِقُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ [الحديد :٢١ ].

واتە: پێشبڕکێ بکەن بۆ (دەست خستنی) لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگارتانەوە وە بۆ بەهەشتێك کە پانتایی یەکەی بەوێنەی پانتایی ئاسمان و زەوی یە ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرانی ئەو (پاداشتە) بەخششێکی خوایی یە دەیدات بە هەرکەس کە خۆی بیەوێت وەخوا خاوەنی بەخششی گەورەیە. (تەفسیری پوختەی قورئان).

٢-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [التوبة :٧٢ ].

واتە: خوا بەڵێنی داوە بە پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار بە بەهەشتانێك کە ڕووبارەکان دەڕۆن بە ژێریاندا تێیدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی و (بەڵێنی پێ داوون) بەچەند کۆشکی چاك و ڕازاوە لە بەهەشتانی هەمیشەیی دا و ڕەزامەندیش لە لایەن خواوە کە گەورەترە(لە هەموو شتێك)

هەر ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٣-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴾ [الكهف :١٠٧ ].

واتە: بەڕاستی ئەوانە کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە وە کردەوەی چاکیان کردووە بەهەشتەکانی فیردەوس جێگای (میوانداری) ئەوانە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٤-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ ﴾ [الأنعام :٨٢ ].

واتە: ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم (هاوەڵ دانان) نە کردووە هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە هەر ئەوانەش ڕێنمایی کراوون.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٥-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [التغابن :١١ ].

واتە: هیچ نارەحەتی یەك تووشی (خەڵك) نابێت مەگەر بە فەرمانی خوا هەر کەسێك باوەڕ بێنێ بەخوا، خوا ڕێنموونی

دڵـی دەکات وە خوا بـە هـەمووشت ئـاگادارە.(تـەفسیری پوختـەی قورئـان).

٦- وعن أبي هريرة رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ الله (صلى الله عليه وسلم) سُئِلَ أَيُّ العَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «إِيْمَانٌ بِالله وَرَسُولِهِ»، قِيْلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: «الجِهَادُ فِي سَبِيلِ » ، قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: «حَجٌ مَبْرُورٌ». [متفق عليه].

واتـه:لـه ئـەبو هورەیرەوە خوا لـێـی ڕازی بێت دەیگێڕێتـەوە کـەوا پێغـەمبـەری خوا(صلـى اللـه علیـه وسلم) پرسیاری لـێ کرا دەربـارەی چاکترین کـار ؟ ئـەویش فـەرمووی: بـاوەڕ هێنـان بـە خـوا وپێغـەمبـەرەکـەی (صلـى اللـه علیـه وسلم) ، وترا پاشان چـی؟فـەرمووی: جیهادکردن لـه ڕێـی خوای گـەورەدا، وترا پاشان چـی ؟ فـەرمووی: حـەجێکـی پاك وپوخت.

٧- وعن عثمان رضي الله عنه قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّه لا إِلَهَ إِلَّا الله دَخَلَ الجَنَّةَ». [أخرجه مسلم ].

واتـه: (عثمـان) (خوا لـێـی ڕازی بێت)دەڵـێ: پێغـەمبـەری خوا (صلـى اللـه علیـه وسلم) فـەرمووی: (ئـەوەی مردوو دەیزانـی و بـاوەڕی وابوو کـە هیـچ خوایـەك نییـە جگـە لـە (اللـه) دەچێتـە بـەهـەشتـەوە).